وەزیری ناوخۆ: لەهەوڵ داین بۆ زیادکردنی ژمارەی ئافرەتان لە خولی ئەفسەران

وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیرشمەری ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە جەختیکردەوە لەسەر زیادکردنی ژمارەی ئافرەتان لەخولی ئەفسەران و پێکهێنانی خولی پۆلیس.

وەزارەتی ناوخۆ لەبەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:- وەزارەت کۆنگرەیەکی بەست بەناونیشانی پێشخستنی ڕۆڵی ئافرەت لەوەزارەتی ناوخۆ بەچاودێری و ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شمەری.

شمەری جەختیکردەوەسەرڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگاداوپێویستیشە ئافرەت لەدام ودەزگا ئەمنییەکان کارا بێت و لەئاستی بەرپرسیارەتیدا بێت.

هەروەها شمەری جەختیکردەوەسەر بونیادنانی تواناکانی ئەفسەری ئافرەت وگرنگیدان بە ڕاهێنانیان، ئاماژەشی بەوەکردکە وەزارەت هەمیشە لەبرەودایە بۆ زیادکردنی ژمارەی ئافرەتان لە خولی ئەفسەران و پێکهێنانی مەفرەزەی پۆلیس کەئەندامانیان ئافرەت بن.